

## ناتالیا:

# کەس ناتوانێت بە موزیک بژێوی ژیانی پەیدا بکات

**ناتالیا یان هۆزان ناتالیا خانمە هونەرمەندێکی دەنگخۆشی کوردی وڵاتی ئۆکرانیایە، لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە دەستی بە کاری هونەری کردووە، بەڵام بەهۆی ئەوەی ئێستا لە وڵاتی ئەڵمانیا نیشتەجێیە ماوەیەك لە هونەر دابڕا، ئێستاش خۆی ئامادە دەکات بۆ بڵاوکردنەوەی بەرهەمێکی نوێی هونەری، لە دەرفەتێکدا چەند پرسیارێکمان ئاراستەی ناتالیا کرد کە بەم شێوەیە وەڵامی داینەوە:**

**• سەرەتا چۆن هاتیتە نێو بواری هونەری گۆرانی و موزیکی کوردییەوە؟**

- وەك زۆربەی هونەرمەندانی کورد هەر لە منداڵییەوە دەستم بە گۆرانی وتن کردووە و ئەمەش لە دایکم بۆ من ماوەتەوە، چونکە ماڵی باپیرم گۆرانیبێژیان هەبوو و خودی دایکم گۆرانیبێژ بووە و ئێستاش گۆرانییەکانی لە رادیۆی یەریڤان هەیە، منیش بەردەوام گوێم لە دایکم دەگرت و گۆرانییەکانیم دەگوتەوە، بەڵام وەك ناتالیای گۆرانیبێژ دوای ئەوەی لە ساڵی ١٩٩٥ گرووپێکی موزیکیم دامەزراند بەناوی (گرووپی دیلان)، یەکەم جار بەشداریمان لە یادکردنەوەی جەژنی نەورۆزدا کرد لە ئۆکرانیا لە شوێنێك کە هەموو کوردەکانی ئەو وڵاتە تێیدا کۆبوونەوە، دوای ئەم ئاهەنگەی نەورۆز کارەکانی خۆمان بەرفراوانتر کرد و بەشداریمان لە چەندین فیستیڤاڵی جیاجیادا کرد و خەڵاتی یەکەمیشمان بەدەستهێنا، ئەمەش دەرفەتێکی باشی بۆ ئێمە رەخساند کە پەرەی زیاتر بە کارە هونەرییەکانی خۆمان بدەین.



**• ئامانجی سەرەکیتان لە دامەزراندنی ئەم گرووپە هونەرییە چی بوو لە ئۆکرانیا؟**

- بێگومان ئامانجی سەرەکیی ئێمە بریتی بوو لە پاراستنی هونەر و کەلتووری کوردی لە ئۆکرانیا و یەکێتیی سۆڤیەتی پێشوو و بەرز راگرتنی ئەم هونەرە و ناساندنی زیاتری بە میللەتانی ئەو وڵاتانە، لە کارەکەشماندا سەرکەوتوو بووین، چونکە کۆمەڵە کچێکی کورد بە گۆرانی و هەڵپەڕکێی کوردی و بە جلوبەرگی رەسەنی کوردییەوە دەربکەون و ناوبانگ پەیدا بکەن ئەمە خۆی لە خۆیدا سەرکەوتنی کارەکانمان دەگەیەنێت، جگە لە گۆرانیی وتن من سازیشم دەژەنی، چونکە جارێك هاوڕێیەك سازێکی بۆ هێنام بە دیاری زۆر سەیرم دەکرد و بیرم لەوە دەکردەوە کە چۆن بتوانم ئەو ئامێرە بژەنم، بەڵام دواتر ژەنینی زۆر بەباشی فێر بووم، و زۆر جاریش بە تەنیا چووم بۆ سازکردنی کۆنسێرت لە کییف یان لە مۆسکۆ، بەو شێوەیە بەردەوام بووین من و تیپەکەم لە نێو کوردانی ئۆکرانیا بە گشتی و شاری نیکۆلایڤا بەتایبەتی ناوبانگێکی زۆرمان پەیدا کرد، ئەمەش هۆکاری دڵخۆشی و شانازی هەموو لایەکمان بوو لە هەمان کاتدا لە خوێندنیش بەردەوام بووم تا لە ساڵی ١٩٩٦ لە بواری گۆرانی و هونەر گەیشتمە ئاستێکی بەرز لە هەمان کاتدا لە بەشی یاسا لە زانکۆ وەرگیرام ئەگەرچی هەردوو بواری یاسا و موزیك زۆر لە یەکترییەوە دوورن، لەبەرئەوەی من حەزم لە هەردوو بوارەکە بوو بەردەوام بووم، بەڵام هەمیشە دەمگوت خۆزگە لە بواری موزیك خوێندنم تەواو بکردایە بۆ ئەوەی بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ لە موزیك و هونەرم شارەزاییم هەبوایە، چونکە لە بواری موزیك تەنیا بۆ ماوەی شەش مانگ خەریکی خوێندنی نۆتی موزیکی بووم.

**• دوای بڵاوکردنەوەی سیدی یەکەمت ساڵی چەند ئۆکرانیات جێهشێت و رووت لە ئەڵمانیا کرد؟**

- دوای ئەوەی خوێندنی زانکۆم تەواو کرد لە ساڵی ٢٠٠١ بە باشم زانی روو لە ئەورووپا بکەم، چونکە دەمزانی لەوێ دەرفەتی زیاتر دەبێت بۆ پێشخستنی کاری هونەری خۆم بەشێوەیەکی پرۆفیشناڵ، ئەوە بوو رووم لە ئەڵمانیا کرد، لە تەلەفزیۆنی میدیا پێشبڕکێیەکی گۆرانی و موزیك ساز کرا، منیش بەشداریم لەو پێشبڕکییەدا کرد بە گۆرانی (دونیا ) کە لە تێکست و ئاوازی خۆمە و توانیم خەڵاتی یەکەم بەدەست بهێنم، ئەمەش بۆ من مایەی دڵخۆشییەکی زۆر بوو، چونکە زۆر هونەرمەندی بە توانا لەم پێشبڕکێیەدا بەشداربوون.



***کەواتە تۆ بۆ هونەر چوویتە ئەڵمانیا؟**

- بەڵـــێ وەك گوتم من بۆ پێشخســـتنی تواناکانی خۆم لەرووی هونەرییەوە و بۆ ئەوەی بەشـــێوەی پرۆفیشناڵی شارەزای هونەری موزیك بم رووم لە ئەوروپا کرد و لە ئەڵمانیا گیرسامەوە.

*** لـــە ئەڵمانیا توانیت ئامانجەکانت بـــەدی بهێنی و لە بواری هونەردا سەرکەوتوو بی؟**

- بە حوکمی ئەوەی لە کوردستان نەژیاوم و لێی دوورم بۆیە نازانم بژێوی ژیانی هونەرمەندان چۆن و لە چ ئاســـتێکدایە، لە ئەڵمانیا و ئەوروپا بە گشـــتی ئەگەر خۆشەویستیت بۆ هونەرو موزیك بێ ســـنووریش بێت ئەوا نابی بژێوی ژیانت بـــە موزیك پەیدا بکەی، هەروەها کاری هونەریش لێرە زۆر ئاسان نییە و پێویستی بە توانای زۆر هەیە بەتایبەتی بۆ ئێمە وەك کورد.

*** ئـــەوەی تێبینی دەکرێت تـــۆ وەك هونەرمەندێك ســـەرەڕای ئـــەو کرانەوەی لە کوردســـتان هەیە، بەڵام وەکو پێویســـت لەلایەن جەماوەرەوە لە کوردستان ناوبانگت دەرنەکردووە و بەرهەمەکانت بڵاو نەبووینەتەوە؟**

-کە هاتم بۆ ئەوروپا زۆر گرنگیم بەوەدا بە پروفیشناڵییەوە کاری هونەری بکەم، ئەمەش هۆکارێك بوو کە بەرهەمەکانم وەکو پێویست لە کوردســـتان بفرۆشـــرێن ئەمە بەر لە ٩-١٠ ساڵ بوو ئەگەر ئەو کاتە من بهاتمایە کوردستان و چەند سیدییەکم لەوێ بڵاوکرابانایەوە بێگومان ئەو کات ســـیدییەکانم باشـــتر دەفرۆشران و زیاتریش لای جەمـــاوەر دەناســـرام، بـــەڵام دوای بڵاوکردنەوەی ســـیدییەکەم لە ئەڵمانیـــا من دووبارە کەوتمەوە بەرخوێندن و بۆ ماوەی پێنج ســـاڵ خەریکی خوێندن بووم لە بواری کۆمەڵناســـی، لە لایەکی دیکەوە بۆ هونەرمەندێکی ئافرەت گرنگیدانی زۆر بە هونەر و پشـــتگوێ خستنی کاروباری ماڵ و منداڵ کارێکی زەحمەتە و دەبێ بەشێکی زۆری ژیانـــی خۆی بۆ پەروەردە کردنی منداڵەکانی تەرخان بکات بەتایبەتی ئەگەر دوور لە وڵات ژیان بەســـەر بەرێت ئەگەرچی لە ماوەی ئەم پێنج ســـاڵەدا بەشێوەیەکی یەکجاری لە هونەر دانەبڕام، بەڵام دەرکەوتنم زۆر کەم بوو، ئێستا دوای ئەوەی زانکۆم تەواو کرد بەشداریم لە چەندین کۆنسێرتدا کردووە لە ئەوروپا، ئەگەرچی لەبەر منداڵەکانم وەك پێویست بەشداری لە کۆنسێرتەکاندا ناکەم .

***بە حوکمی ئەوەی ئێوە لە ئۆکرانیـــا دەژیان زانیاریتان هەبوو دەربارەی هونەرمەندانی کورد لە پارچەکانی کوردستان؟**

- بێگومان ئێمە زانیاریمان هەبوو دەربارەی هونەرمەندانی کورد و زۆر داخ باربووین بە دەنگ و هونەری زۆریان لەوانە هونەرمەندی گەورە محەمەد عارف جزیری، من یەکێك بووم لەوانەی زۆر حەزم لە دەنگی دەکرد و هەمیشە بە باوکم دەگوت باسی گۆرانییەکانیم بۆ بـــکات، کاتێك گوێیان لێی دەگرت، بەتایبەتی گۆرانییەکانی غـــەزال غەزال و بەفر باری، لە ســـاڵی ٢٠٠٧ هونەرمەندی گەورە شڤان پەروەر میوانی ئێمە بوو، لەسەر داخوازی باوکم شـــەوێکیان زۆر گۆرانیی محەمەد عارفی بۆ ئێمە گوت.



*** چیت هەیە بە خوێنەرانی ئێمەی بڵێیت؟**

- دەڵێـــم مخابـــن نەمتوانیوە ســـەردانی کوردســـتان بکەم و بەرهەمەکانیشـــم وەکو پێویســـت بڵاونەبوونەتەوە، بـــەڵام هیوادارم بەرهـــەم وکلیپـــە نوێیەکانم لە کوردســـتان بڵاوبکرێنـــەوە، بێگومان بـــە بڵاوکردنەوەی کلیپ ئاشـــنایەتی جەماوەر بـــە بەرهەمەکانم زیاتر دەبێت و هیوادارم بتوانم خزمەتێکی زیاتر بە هونەری کورد بکەم.

# جنیڤەر واز لە قژە جوانەکەی دەهێنێت



جنیڤەر ئەنیستۆنی ئەستێرەی سینەمایی ئەمریکی هەمیشە بە قژە جوانەکەی ناسراوە و لە زۆر دیمانە و چاوپێکەوتنەکانیش پرسیار دەربارەی قژی ئاراستە کراوە و بە یەکێك لە هۆکارەکانی جوانی و سەرنجڕاکێشیی دانراوە، بەڵام پێدەچێت قژە درێژەکەی بڕی بێت. بەم دواییە جنیڤەر لە یەکێك لە شەقامەکانی بیڤرلی هێلز بینرا، بەڵام شێوازی قژی و داهێنانی زۆر گۆڕابوو و جیاواز بوو لەو شێوەی پێی ناسراوە، بەڵکو بۆ ئەو شێوەیەی سەرەتای کاری هونەری دەستی پێکرد، بەپێی هەواڵێکی ماڵپەڕی «X١٧Online.com» ژمارەیەك وێنەگر توانییان چەند وێنەیەکی بگرن بە لۆکە نوێیەکەی کە بریتی بوو لە قژێکی زۆر کورت لە دواوە و تا رادەیەك درێژ لە پێشەوە، ماڵپەڕی ناوبراو زیاتر رایگەیاند کە ئەنیستۆن قژی خۆی لە پێشەوە نزیکەی ١٥ سانتیمەتر بڕی بوو لەلایەن دیزاینەری بەناوبانگی قژ کریس ماکمیلان. ئەنیستۆن دەربارەی دیزایینی نوێی قژی و بڕینی بە گۆڤاری (فۆگ)ی راگەیاند: خۆیشم نازانم ئەو بڕیارەم چۆن دا، بەڵام ئەوەی پێویستە بیڵێم کە زۆر بە سادەیی ئەو بڕیارەم دا بێ ئەوەی بیر لەوە بکەمەوە کە کاردانەوەی جەماوەر چۆن دەبێت، بە رێکەوت رۆژێکیان سەیری تەلەفزیۆنم دەکرد، کچێکم بینی یەکسەر وێنەیەکیم گرت و بۆ کریسم نارد، ئەویش وەڵامی دامەوە و وتی ئەمە لۆرین هاولی رێکخەری جلوبەرگە لە گۆڤاری (فۆگ)



# ڤێرساتشی گاگای وەک مارکەیەکی نوێ دەستنیشان دەکات

هەرچەندە بەردەوام رەخنە لە جلوبەرگ و شێوەی دەرکەوتنی و جووڵەکانی دەگیرێت لەکاتی گۆرانیی وتن لە کۆنسێرتەکاندا، بەڵام سەرەڕای ئەمەش لەیدی گاگا خاوەن جەماوەرێکی زۆرە لە سەرتاسەری جیهان و رۆژ دوای رۆژیش ئەم جەماوەرەی لە زیاد بووندایە. زیادبوونی ئاستی جەماوەرێتی گاگا وای لە مارکەی ڤێرساتشیی جیهانی کرد کە وەك مۆدێلی جلوبەرگەکانی بۆ بەهار و هاوینی ساڵی ٢٠١٤ هەڵیبژێرێت، لەم بارەیەوە مارکەی ناوبراو لە پەیجی تایبەتی خۆی لە تویتەر بڵاویکردەوە: ڤێرساتشی بە شانازییەوە دووپاتی دەکاتەوە کە گاگا دەبێتە فایسی هەڵمەتی راگەیاندنی وەرزەکانی بەهار و هاوینی ساڵی ٢٠١٤ کە کۆمپانیا Mert Alas & Marcus. وێنەی دەگرێت، هەروەها دۆناتیلا ڤێرساتشی سوپاس و پێزانینی خۆی بۆ گاگا راگەیاند بۆ رازی بوون بەم کارە هاوبەشە. لەلایەن خۆیەوە لەیدی گاگا رایگەیاند کە دڵخۆشە بە کار کردن لەگەڵ مارکەی ڤێرساتشی لەم هەڵمەتە نوێیەی، هەروەها هەوادارانی گاگا لە تویتەر پرسیاریان لێی کرد دەربارەی ئەو جلوبەرگانەی کە لە بەهار و هاوین، چونکە لە ئێستاوە خۆیان ئامادە دەکەن بۆ کڕینی جلوبەرگی هاوشێوەی. پێدەچێت لە ئێستاوە گاگا کەوتبێتە ژێر کاریگەری دۆناتیلا بۆیە قژی هاوشێوەی ئەو بڕیوە.



# لیۆنـ

ئەستێرەی سینەمایی لیۆناردۆ دیکاپریۆ گرنگییەکی زۆر بە پڵنگەکانی نیپال بەتایبەتی دوای ئەوەی هەواڵەکان بڵاویان کردەوە کە هەڕەشەیەکی زۆری لەناوچوون و قڕکردنیان لەسەرە لەلایەن راوچییەکانی ئەو وڵاتە و چەند وڵاتێکی دیکە.

ئەگەرچی لیۆناردۆ بە یەکێك لە رەزیلترین ئەستێرەکانی هۆلیود ناسراوە، بەڵام بۆ رزگارکردنی ژیانی پڵنگەکان بڕی ٣ ملیۆنی دۆلاری بەخشییە سندوقی جیهانی ژیانی وشکانی

و هەر ئەویشــە بەردەوام قژم ئامادە دەکات و زۆریش خۆشحاڵ بــوو کە من گرنگــی پێدەدەم و هــەر زوو ڕەزامەندیی خۆی دەربڕی بۆ ئەو هەنگاوەی من و لە کاتیشەوە کریس بڕیاریدا هەمان شــێوەی قژی خۆی بە من ببەخشێت، ئەنیستۆن زیاتر دەڵێ: ئێستا هەست دەکەم زیاتر لە جاران سادە و ساکارم، چونکە قژی درێـــــژ پێویستی بە خزمەتی زیاتر هەیە و زۆر جاریش دووچاری بێزاریت دەکات، شایەنی باسە ئەمە چەندین جارە جنیڤــەر ئەنیســتۆن قژی خۆی کورت دەکاتەوە، بەڵام بەو شــێوەیەی ئێستا نەبووە.

## نیکۆڵ شریزنیگەر:

# پێویستە هونەرمەند باجی سەرکەوتنەکانی بدات



نیکۆڵ شــریزینگەر بە یەکێك لەو کەســایەتییانە دەناســرێت کە لە چەندین بواردا ســەرکەوتوو و خاوەن بەهرەیەکی زۆرە، چونکە گۆرانیبێژ و تێکستنووس،کەسایەتییەکی تەلەفزیۆنی، سەماکار، و نمایشکاری جلوبەرگ و ســەرەڕای ئــەوەش ئەکتەرێکی دیاری بواری ســینەمایە. لە هەموو بوارە هونەرییەکانــدا نیکۆڵ ســەرکەوتوو بووە و توانیویەتــی جەماوەرێکی زۆر بۆ خــۆی پەیدا بکات و جێــی پەنجەی دیار بێت، ئەگەرچی لەبەر ســەرکەوتنی لــەو بوارانەدا زۆر جار، هونەرمەنــدان بێزاریی و تووڕە بوونی خۆیان لەم کارەی جەماوەر دەردەبڕن، بەڵام نیکۆڵ رایەکی تا ڕاددەیەك جیاوازیی هەیە لەگەڵ هونەرمەندانی دیکــە و پێیوایە هیچ کارێك نییە مرۆڤ ئەنجامی بدات بــێ ئەوەی باجی هەبێت و دەڵێت: زۆرم لەلا ســەیرە کاتێك هەندێك لە هونەرمەندان دڵتەنگی و بێزاریی خۆیان لە جەماوەر دەردەبڕن، یان زۆر بە توندی دژی ڕۆژنامەنووسان هەڵوێست وەردەگرن بەرامبەر گرتنی چەند وێنەیەك یــان گرتەیەکی ڤیدیۆیــی هونەرمەندان، من بە هیچ شــێوەیەك پشتگیریی لەوە ناکەم کە ئازادیی هیچ کەسێك ببەزێنرێت لەلایەن میدیاکانەوە، بەڵام نابێ ئەوەش لە بیر بکەن ئەگەر هونەرمەند نەتوانێت ســەرکەوتوو بێت و شوێنی خۆی لە دڵی بەشێکی زۆری جەماوەر نەکردبێتەوە، نە کەس خۆشی دەوێ و نە کەسیش ئامادەیە دژی بوەستێتەوە و بیشکێنێتەوە، بۆیە کاتێك باســی مــن دەکرێ یان ڕەخنــەم لێدەگیرێ من ئەو کات هەست دەکەم شــتێکم کردووە. دەربارەی خۆشەویستیی جەماوەریش بۆ هونەرمەند دەڵێ: تاکە سەرمایەی هەر هونەرمەندێك بریتییە لە جەماوەرەکەی بۆیە کاتێك جەماوەر هەر هەڵوێســتێك بەرامبەر بە هونەرمەند بنوێنێت ئەگەر بە دڵیشی نەبێت پێویستە قبوڵی بکات، چونکە ئەمەیە باجی سەرکەوتن و پێویستە هونەرمەند خۆی لێ نەدزێتەوە.

# ــــــاردۆ ٣ ملیۆن دۆلار دەبەخشێتە پڵنگەکانی نیپال

(WWF) لە ڕێگای ڕێکخراوێکی خێرخوازیی تایبەتەوە کە خــۆی دایناوە بە ناوی ڕێکخراوی (دیکاپریۆ)، و بەم بۆنەیەوە ڕایگەیانــد: هیوادارم ئەم بڕە پارەیە لەلایەن لایەنی پەیوەندارەوە بە باشترین شــێوە بەکار بهێنرێت بە جۆرێك سوود بە ژینگەی وڵاتــی نیپال بگەیەنێت، هەروەها بــۆ زیادکردنەوەی ژمارەی ئەو پڵنگانە تا ســاڵی ٢٠٢٢ بەتایبەتی لە ڕێکخستنی خولی بەردەوام بۆ چاودێری کردنی ڕاوچی و قاچاخچیەکان، لیۆناردۆ ئەوەشــی ڕاگەیاند لە دڵەوە هیوا دەخوازێت لە چەند ســاڵی داهاتوو بگاتە دوو هەندەی ئەو ژمارەیەی ئێستا هەیە.

ڕێکخراوی (دیکاپریۆ)ی خێرخــوازی کار دەکات لە بواری ژینگەی وشکانی و ئامانجی بریتییە لە پتەوکردنی پەیوەندیی نێوان سروشــت و مرۆڤ، هەروەها ســاڵی ڕابردوو مەزادێکی ئاشکرا بۆ چەند هونەرمەندێکی هاوچەرخ ڕێکخست بە هاوبەشی لەگەڵ خانەی (کریســتی) و لەگــەڵ چەند هونەرمەندێکی دیکە وەك ســەلما حایك و برادۆلی کۆپەر بڕی ٣٨،٨ دۆلاریان کۆکردەوە و بەو بڕە پارەیە ڕێکخراوەکەیان دامەزراند.

# گولیّ: پێچەوانەی خەڵکی دەڤەرەکەمان خانەوادەک

**زۆرێك لەهونەرمەندانی کورد و بەتایبەتیش هونەرمەندانی هەموو پارچەکانی کوردستان لە ئەوروپا ژیان بەسەر دەبەن، هونەرمەندانی باکووری کوردستانیش بەتایبەتی لە ئەوروپا بەردەوامن خزمەت بەهونەری کوردی و زۆریشیان پاراستنی رەسەنایەتی هونەری کوردی بە یەکێك لە ئەرکە سەرەکییەکانی خۆیانیان زانیوە، هونەرمەند گولێش یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە لە ناوەڕاستی نەوەدەکانی سەدەی رابردووەوە لە ئەوروپا دەژییێت و بەردەوام خزمەتی بە هونەری کوردی کردووە و بوونی خۆی سەلماندووە وەك یەکێك لە هونەرمەندە بە تواناکان، بەدەنگە خۆشەکەی خۆی جێگەی خۆی لەناو دڵی جەماوەر لە کوردستان و لەنێو رەوەندی کوردی لە هەندەران.**

گولیّ دەربارەی سەرەتاکانی هاتنە نێو بواری گۆرانی وتن دەستپێکی خۆی لەو بوارەدە دەڵیّ: وەك زۆربەی گۆرانیبێژە کوردەکان چ ئەوانەی لە کوردستان دەژین یان ئەوانەی لە دەرەوەن وەك ئێمە، هەر لە منداڵییەوە حەز و خولیای گۆرانی وتنم هەبوو، بەجۆرێك لەو کاتەی کە تواناى قسە کردنم هەبووە لەو کاتەشەوە حەزم لە گۆرانی وتن بووە و لە تەمەنێکی بچووکدا لاسایی هونەرمەندانم دەکردەوە و لەگەڵ گۆرانی وتن سەمام دەکرد، چونکە من لە خانەوادەیەکی هونەر پەروەری ناوچەی خنوسی شاری ئەرزەرۆم چاوم بە دونیا هەڵهێناوە و هاوکاری کردنی خانەوادەکەم رۆڵێکی زۆر گرنگی هەبوو لەوەی کە پێش بکەوم و بتوانم ئاستی هونەری خۆم بەرز بکەمەوە بەتایبەتی ئۆندەر دەنیزی کوڕی برام کە هەرچەندە بە تەمەن لە منیش بچووکترە و خوشکە گەورەکەم (میدیا) زۆر پاڵپشت و هاریکارم بوو، چونکە ئەوانیش لە خانەوادەی ئێمە هونەرمەند بوون و کاری هونەرییان کردووە و ئێستاش بەردەوامن، ئەوەی جێگای دڵخۆشییە دوای ئەوەی ژیانی هاوسەریشم پێکهێنا ئەم پاڵپشتیە بەردەوام و هاوسەریشم رێگر نەبوو بەڵکو هاریکار بوو لەوەی درێژە بە کاری هونەری بدەم و بە دڵنیاییەوە لەگەڵ ماندوو بوونی خۆم ئەگەر هاوکاری ئەمانە نەبووایە من نەمدەتوانی بەردەوامی بدەمە کارەکانی خۆم.

ئەم کچە هونەرمەندەی باکووری کوردستان شانازی بەوەوە دەکات کە خانەوادەکەیان رێگر نەبوون لەوەی روو لە بواری گۆرانی وتن بکات، چونکە ئەو لە دەڤەرێك پەروەردە بوو کە زۆر وابەستە دابونەریتە کۆمەڵایەتییەکانە، بەڵام خانەوادەکەی هیچ کاتێك ئاستەنگیان بۆی درووست نەکردووە و هەمیشە هاندەری بووین بۆ ئەوەی درێژە بە گۆرانی وتن بدات.



# بۆ یەکەم جار کۆنسێرتی سەر شەقام ساز دەکرێت



ئەگەر بە وردی سەیری کۆمەڵگای کوردەواری خۆمان بکەین دەبینین لە ناو چین و توێژەکان کەسانی ژیر و خاوەن پرۆژەی هەڵکەوتوو زۆرن، نەخاسمە لە نێو توێژی هونەرمەندان، کە هەندێکیان هەگبەیان پڕە لە پرۆژەی هونەری جوان ئەگەر دەرفەتیان بۆ بڕەخسێت ئەوا هەمیشە هەگبەیان پڕ دەبێت لە ئەفراندن و داهێنان.

هونەرمەندی گۆرانیبێژ خۆشەوی عەزیز یەکێکە لەو هونەرمەندانەی کە لە ساڵی ١٩٨٩ خزایەتە نێو بواری هونەری کە لەو کاتەوە تا ئێستاش بەردەوامە و دەتوانین بڵێین کارە هونەرییەکانی ناوازە و گوڵ بژێرن، ئەگەرچی بە گوێرەی ئەو تەمەنە دوور و درێژەی کە بیست و چوار ساڵە لەم بوارەدا کارەدات تا ئێستا تەنیا خاوەن سێ کۆنسێرت و یەك ئەلبوم و شەش کلیپ و سێزدە گۆرانییە، لەوانەیە کەسانێك بڵێن بەرهەمەکانی بە ژمارە کەمن، بەڵام زۆری و بۆری نابێتە پێودانگە، گرنگ ئەوەیە ئەوەی ئەنجام دەدرێت پوخت و نەمر بێت جێی ڕەزامەندی جەماوەر بێت.

هەرگیز لە هزر و خەیاڵی گوێگر و بینەر جێگر بێ وەك بڵقی سەرئاو نەبێت، ئەوەش لە یاد نەکەین جگە لە گۆرانی تاکو ئێستا لە چەندین زنجیرە و دراما و کاری شانۆیی وەك ئەکتەرێکی سەرکەوتوو و بەرچاو بەشداری کردووە، گۆرانییەکانیشی هەندێکیان فۆلکلۆر و ئەوانی تریان شیعری شاعیرە کلاسیك و هاوچەرخن.

لە هەنگاوێکی کەم وێنە و بوێرانەدا هونەرمەند خۆشەوی عەزیز لە کۆتایی مانگی رابردوو بۆ یەکەم جار لە مێژووی گۆرانی و موزیکی کوردی کۆنسێرتێکی لەناو ئاپۆرای جەماوەر لە شەقامی ئیسکانی شاری هەولێر ئەنجامدا، جەماوەری ئامادەبووش بە چەپڵەڕێزان و بە خۆشییەکی زۆرەوە پێشوازییان لەم کارە هونەرییە نوێیە کرد، تاکو ئێستا شانۆگەری سەرشەقام و پێشانگای شێوەکاری و زۆر چالاکی تری هونەری لەسەر شەقام ئەنجامدراوە، کۆنسێرت لە هۆڵ و پارکەکان ئەنجامدراوە، بەڵام ئەمە یەکەمین جارە بەم شێوەیە کۆنسێرتێك لەسەر شەقام ئەنجام بدرێ و بەم شێوەیە لەلایەن جەماوەرەوە پێشوازی لێ بکرێت کە بڕیار بوو تەنیا یەك کاتژمێر بخایەنێت، بەڵام لەبەر هاندان و جۆش و خرۆشی جەماوەر زیاتر لە دوو کاتژمێری خایاند، لەم کۆنسێرتەدا ژمارەیەك موزیك ژەنی لێهاتوو یاوەری هونەرمەند خۆشەوی بوون لەوانە: موئەیەد عەبدوڵڵا بە عود، جەمیل سنجاوی بە جۆمبش، جەمال جەمیل بە ئامێری کەمان، ئاری جەمال بە گیتار، جەلال شاکر بە ساز، گەیلان شاکر بە ئۆرگ، نیازی ئەسعەد مەجید ئەندازیاری دەنگ.

ئەو هونەرمەندانە گرووپی موزیکی (هەست) لە باوەشی گرتوون، جگە لەوانە چەند گۆرانیبێژێکی دیکەی بە توانا کە ئەم کۆنسێرتەیان رازاند بۆوە لەوانە دلێر بەرزنجی بە دەنگە زوڵاڵەکەی چەند گۆرانییەکی چڕی، لەگەڵ هونەرمەندی حەیرانبێژ شێروان شەیدا بە دەنگە خۆشەکەی چەند کۆپلە حەیرانێکی خۆشی پێشکەش کرد و کۆنسێرتەکەی دەوڵەمەندتر و بەجۆشتر کرد، کە بوو بە کەرنەڤاڵێکی سەرشەقام و شەوێکی خۆشی بازاڕی ئیسکان، لە وەڵامی پرسیارێك دەربارەی ئەوەی بۆچی شەقامی هەڵبژارد بۆ سازکردنی ئەم کۆنسێرتە؟ هونەرمەند خۆشەوی عەزیز وتی: هۆکار زۆرن لەوانە:

یەکەمیان: من هەست دەکەم پارە و خەرجییەکی زۆر بە هەدەر دەدرێ لە کاتی ئەنجامدانی هەر کۆنسێرتێك.

دووەمیان: دەستەبەرکردنی هۆڵێك بۆ ئەم مەبەستە زۆر ئەستەمە.

سێیەم: کە ئەم خاڵە بە لای منەوە زۆر گرنگە ئەویش ئەوەیە تاکو ئێستا هەر جەماوەر بە دوای هونەرمەند دەکەوێ بۆ بینینی هونەرەکەی چ گۆرانی و موزیك بێت و چ شانۆگەری و پێشانگای شێوەکاری بێت.

بەڕای من مادام هونەر بۆ جەماوەرە، پێویستە هونەرمەند جاروبار بچێتە نێو جەماوەرەوە لەبەر ئەوە من بە پێویستم زانی ئەم کارە بەم شێوەیە ئەنجام بدەن، هەروەها وتی: حەز دەکەم بۆ هەموو لایەك روون و ئاشکرا بێت ئەم کۆنسێرتەم خۆبەخشانە ئەنجام داوە و هیچ بودجە و دەرخستەیەکەم لە هیچ شوێنێك وەرنەگرتووە.

ئەم هەنگاوە نوێیەی هونەرمەند خۆشەوی عەزیز مایەی دەستخۆشییە و هیوای سەرکەوتنی بۆ دەخوازین.

**ئا: خەلیل یابە**

## ـەم پاڵپشتم بوون

دەربارەی هونەری کوردی بەشێوەیەکی گشتی گولێ پێیوایە بە هۆی ئەوەی کوردستان داگیر کراوە و دابەشکراوە بەسەر چەند پارچەیەك و بە چەند میللەت و نەتەوەیەك دابەشکراون کە هەر یەکیان خاوەن هونەر و کەلتوور و فەرهەنگی جیایە، بۆیە ئەگەر بکەوێتە ژێ کاریگەری کەلتوور و فەرهەنگی ئەم میللەتانەشەوە پێم وایە کارێکی ئاساییە و ڕەنگدانەوەی بارودۆخی ئێمەیە.

گولێ پێیوایە سەرکەوتنی هونەرمەند بەستراوەتەوە بە چەند هۆکارێك کە ئەگەر یەکیان بوونی نەبێت زەحمەتە هونەرمەند بتوانێت سەرکەوتوو بێت و دڵی جەماوەر رازی بکات یان ببێتە خاوەن جەماوەری خۆی، لەم بارەیەوە دەڵێت: زۆر جار خەڵك سەرکەوتنی هونەرمەد بۆ خودی خۆی دەگەڕێننەوە، بەڵام پێموایە جگە لە ماندووبوونی خودی هونەرمەند پێویستە چەند لایەنێکی دیکەش رەچاو بکرێ بۆ ئەوەی سەرکەوتنی هونەرمەند تەواو بکرێت ئەوانیش هونەرمەند و ئاواز و شیعرە، پێویستە ئەم سێیانە گونجانێکی تەواویان لەگەڵ یەکتردا هەبێت بۆ سەرکەوتنی گۆرانی کە لە کۆتاییدا بە سەرکەوتنی هونەرمەند تەواو دەبێت.

دەربارەی خەون و ئاواتەکانی بۆ داهاتوو گولێ دەڵێ: ئێمەی کورد لە دێر زەمانەوە بە دەست دەرد و مەینەتییەکانی جەنگ و کاولکارییەکانی جەنگەکانەوە ئازاری زۆرمان چەشتووە و ناڵاندوومانە، بۆیە منیش وەك هەر کوردێك نەمانی جەنگ و وێرانکاری لە سەرتاسەری جیهان بەر لە هەمووشیان لە کوردستان یەکێکە لە خەون و ئاواتە هەمیشەییەکانم بۆ ئەوەی ئێمەش ئیدی بە ئاشتی و شادی بژین.